## بۆچی پارتی پێشەنگە؟


# روانگەیەکی هونەری

● لەگەڵ نزیکبوونەوەی هەر هەڵبژاردنێك، لایەن و حزبە سیاسییەکان، تووشی پەتایەك دەبن کە پڕە لە ترس و دڵەڕاوکێ، تەنانەت بۆ رزگاربوون لەو پەتایە، پەنا بۆ یەکتر شکاندن دەبەن، بەجۆرێك پەنجەی تۆمەت بۆ یەکتر درێژ دەکەن و، رابردووی جوانی یەکتر دەسڕنەوە، تا نزیکتریش دەبینەوە لە هەڵبژاردن، یان لە چوارچێوەی بانگەشەی هەڵبژاردن، میدیاکان دەخرێنەگەڕ بۆ چەواشەکردنی خەڵکی کوردستان، بەڵام سەرەنجام دەبینین هەر پارتی حزبی یەکەم و هەر بە پێشەنگیش دەمێنێتەوە.

● لە سەروبەندی بانگەشەی هەڵبژاردن و یان بڵێین نزیکبوونەوە لە وادەی هەڵبژاردندا، دەیان دروشمی بریقەدار لە میدیاکانیان بە کاردێنن، بەڵام لە ناوەخنی خۆیاندا دەزانن کە هیچیان نایەنە جێبەجێکردن و هیچیان نابن بە پڕۆژە و کارنامەی حزبەکەیان، دوای چوارساڵیش لە پەرلەمان، جارێکی تر بە دەستی بەتاڵەوە دێنە دەرەوە.

● ئەوەی کە زۆر دەبێتە جێی سەرنجیش لە کاتی بانگەشەدا ئەوەیە، کە ئەوان هیچ دروشمێك نامێنێ بۆ رازیکردنی دڵی دەنگدەر نەیخەنەڕوو، کەچی پارتی دیموکراتی کوردستان بێدەنگە! وەك بڵێی لەو هەڵبژاردنە بەشدار نییە، ئەو بێدەنگییەی پارتیش زۆرترین مانا لەخۆ دەگرێت، ئەویش ئەوەیە کە دەزانێت دواجار هەموو دەنگەکان بۆ پارتین، چونکە رەگی پارتی هێندە (لار) نییە بە دەستێك هەڵکەندرێت.

● پارتی پشت ئەستوورە بە رابردووی جوانی خۆی، کە بۆ بەدیهێنانی خەونی گەلەکەی رووبارێك خوێنی بەخشیوە و لە پێناو «ئازادی»یش بە هەزاران رۆڵەی نەبەردی پێشکەشی نیشتمان کردووە، کە حوکمڕانی کوردستانیشی کەوتە دەست، بێباك نەبوو، لە دەنگی جەماوەرەکەی، کە زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەی پەنجەیان بۆ پارتی مۆرکردووەو لەو هەڵبژاردنەی کوردستانیش کە لە کۆتایی مانگی ٩ دا ئەنجام دەدرێت، مۆر دەکەن، بریتین لە دایکی جگەرسووتاوی پێشمەرگە و خانەوادەی سەربەرزی شەهید و کۆڵنەدەری ئەو هەرێمە.



شاخەوان مستەفا

● لێرەشدا دەبینین جارێکی تر بە گەشبینییەوە دەڕوانێتە پرۆسەی هەڵبژاردن و بێ هەڵچوون و بەکارهێنانی وشەی برینداركەر بۆ لایەنەکانی تر و ئازاردانی خەڵکی دیکە، روو دەکاتە سەندوقی هەڵبژاردن و لە بری کەمبوونەوەی دەنگ، دەبینین خۆڕسکانە دەنگەکانی پارتی زیاد دەکەن، هەر ئەوەش وا دەکات کە جارێکی تر ئەو حزبە دەست بکاتەوە بە دووبارە ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و گەشە پێکردنی تەواوی جومگەکانی ژیان کە لە دوای بڕینی بودجەی کوردستان لە بەغدا و شەڕی تیرۆردا کوردستان رووبەڕووی قەیرانی سەختی دارایی بوویەوە، بەڵام وە نەبێت کاربەدەستانی حکومەت و پارتی کە حزبی یەکەم بوو، بێدەنگ بێت لە ئاست گرفتەکان، ئەوە بوو، کە بە سیاسەتێکی حەکیمانە توانرا پەنجە لەسەر برینەکان دابنرێت و بەشێکی زۆر لە کەموکوڕییەکانی وەك مووچە و دەرماڵە چارەسەر بکرێ.

● لە پانتایی هونەریشدا کە تاکو ئێستا حکومەت درێغی نەکردووە، لە رووی تەرخانکردنی بودجە و بە هەند وەرگرتنی پرۆژە هونەرییەکان، بەڵام لەگەڵ ئەو قەیرانە داراییەدا، هونەریش بەدەر نەبوو لە جومگەکانی دیکەی ژیاندا، بگرە پشکی شێری بەرکەوتبوو، بەڵام لەگەڵ گۆڕانکارییەکان و باشتربوونی ئابووریی کوردستان، ئێستا حاڵی هونەر رووەو باشبوونە، تەنانەت هەوڵێك هەیە بۆ دەرگاکردنەوەی هەموو چالاکییە هونەرییەکان بەپێی توانا.

● ئەمەش وایکردووە، کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەزموونی حوکمڕانی خۆیدا نەکەوێتە شك و دڵەڕاوکێ، کە لە هەڵبژاردنی ئەمجارەی کوردستانیشدا پێشەنگ بمێنێتەوە، بە بڕوای زۆریش لە سەرکردەکانی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتە زلهێزەکانی جیهان، پارتی هەر پێشەنگ دەمێنێتەوە، چونکە ئەوان هێما بۆ گەورەیی سەرۆك بارزانی دەکەن و هەر ئەویش لای ئەوان جێی بڕوا و متمانەیە، هەمیشە دەڵێن: «تا بارزانی مابێت، ئێوە مەترسن، کوردستان لە دەستێکی ئەمیندایە».



# پەیکەرێک بۆ ئەنوشکا دروست دەکرێت

دروستکردنی پەیکەری مۆم بۆ کەسایەتییە ناودارەکانی جیهان بەتایبەتی ئەکتەران، یەکێکە لە خەونەکانی ئەکتەران و لە هەمان کاتدا نیشانەی سەرکەوتنی ئەو کەسانەیە، بەم دواییە خانمە ئەکتەری بۆڵیوۆد ئەنوشکا شارما بووە خاوەن پەیکەرێك لە مۆزەخانەی مەدام تۆسۆ بەمەش جەماوەرەکەی دەتوانن سەردانی بکەن.

رۆژنامەی asianage رایگەیاند کە بەم دواییە پەیکەرێکی مۆم بۆ ئەنۆشکا لە مۆزەخانەی مەدام تۆسۆ لە سەنگافورا دروستکراوە و بەم بۆنەیە بەیاننامەیەکی تایبەتی دەرکردووە، رۆژنامەکە ئاماژەی بەوەش کرد ئەم هەنگاوەی مۆزەخانەی ناوبراو رێزلێنانێکی تایبەتە لە ئەنۆشکای دەنێت و لەسەر داوای بەشێکی زۆری هەوادارانی ئەو ئەستێرەی بۆڵیوۆدە کە بەردەوام داوای ئەم کارەیان لە بەڕێوەبەرایەتی مۆزەخانەکە کردووە.

لە بەیاننامەکەدا هاتووە: پەیکەرەکەی ئەنۆشکا بە شێوەیەك دروستکراوە کە بە دەنگ سڵاو لە جەماوەر دەکات، لە هەمان کاتدا مۆبایلێکی لە دەستە، ئەم مۆبایلە کار دەکات و میوانەکان دەتوانن وێنەی سێلفیی لەگەڵدا بگرن.

ئەلیکس وارد بەڕێوەبەری گشتی مۆزەخانەکە لە بەیتاننامەکەدا دەڵێ: ئێمە خۆشحاڵین بە کارکردن لەگەڵ ئەنوشکا شارمان، کە دەبێتە خاوەن کەسایەتییەکی لە مۆم دروستکراو، میوانەکانمان چ ئەوانەی هاووڵاتی سەنگافوران، یان میوانەکان زۆر داوای پەیکەری ئەنۆشکا دەکەن، ئێمە دڵنیاین کە ئیزافەیەکی گرنگە بۆ مۆزەخانەکەمان و دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە خەڵکی زیاتر سەردانمان بکەن.



# ليندسی لۆهان دووبارە هەڵگەڕايەوە

ئەستێرەی هۆڵیۆد لیندسی لۆهان بە حاڵەتێکی دەروونیی دژواردا تێپەڕ دەبێت، دوای ئەوەی رووبەڕووی رەخنەیەکی زۆر هاتەوە بە رەفتارەکانی کە بەردەوام گۆڕانکاریی بەسەردا دێت و ناتوانێت جێگیر بێت، چونکە هەندێك جار زۆر بە کەسێك خۆی نیشان دەدات کە زۆر پابەندە بە پیسنەکردنی ناوبانگی خۆی و دوورکەوتنەوە لە خۆ رووتکردنەوە و دوای ماوەیەکی کەم زۆر تەواو دەگۆڕێ لە هەموو رەفتارەکانیدا.

لیندسی لۆهان کە ئێستا سزای لەسەرە و لە بنکەی (دوفلید) سزای دادگایەکی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی بەسەر دەبات، ماوەیەك بەر لە ئێستا رایگەیاندبوو کە کەسایەتییەکی رۆحانییە، بۆیە زۆر وریا بوو لە شێوەی پۆشینی جلوبەرگ و دەرکەوتنی، تەنانەت کار گەیشتە ئاستێك کە زۆر کەس پێیانوابوو لۆهان موسڵمان بوونی خۆی راگەیاندووە، چونکە لە بنکەی دوفلید بینراوە کە قورئانێکی پیرۆزی بە زمانی ئینگلیزی هەڵگرتبوو و لەسەر ئەکاوەنتی تایبەتی خۆی چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆزی بڵاو کردبووەوە، بەڵام دواتر سڕییەوە، ئەمەش وایکرد کە هەندێك لە جەماوەرەکەی پشتگیری بکەن و هەندێکی دیکەشیان رەخنەیەکی زۆریان ئاراستە کرد و وتیان وێنەکان دروستکراون و خۆی لە بنەڕەت یەکێکە لە پێڕەوانی ئایینی (کابالا) .

بەم دواییە بەشێوەیەك تەواو پێچەوانەی ئەو قسانە دەرکەوت لە کاتی کردنەوەی یانەیەکی شەوانەی تایبەت بە خۆی لە ئەسینای پایتەختی یۆنان بە ناوی (LOHAN nightclub) ئەمەش بووە مایەی شۆکی ژمارەیەکی زۆری ئەو کەسانەی حەزیان دەکرد کە لە کارە ناشیرین و قێزەوەنەکان دوور بکەوێتەوە، بەڵام بەشێکی زۆری جەماوەرەکەی ئەمەیان بە کارێکی زۆر ئاسایی و پێشبینیکراو وەسف کرد.



# بە هۆی وێنەیەک هویام هەرا دەنێتەوە



بەم دواییە خانمە ئەکتەری تورکی مەریەم ئوزرلی بەهۆی ئەوەی وێنەیەکی بڵاوکردبووەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە ئەڵقەیەکی لە پەنجە کردبوو، مشتومڕێکی زۆری لەلایەن هەواداران و جەماوەری خۆیەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نایەوە سەبارەت بە ژیانی تایبەتی خۆی بەتایبەتی لە بواری خۆشەویستییەوە.

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی بەرفراوان دەنگۆی ئەوەیان بڵاوکردەوە، گوایە ئەم ئەڵقەیە نیشانەی ئەوەیە کە ئێستا لە پەیوەندییەکی خۆشەویستیدایە و لە قۆناغی دەستگیرانیدایە. ئەوەی گومانەکانی زیاتر کرد، ئەوە بوو کە مەریەم لە وێنەکەدا ئەڵقەکەی بە ئەنقەست دەرخستبوو، بۆیە زۆر کەس ئەمەیان بە نیشانەیەکی ناڕاستەوخۆی دەستگیرانی لێکدایەوە.

لەلایەکی دیکەوە چەند سەرچاوەیەکی نزیك لە مەریەم رایانگەیاند کە ئەم وێنەیە هیچ پەیوەندییەکی بە بابەتی دەستگیرانییەوە نییە و وێنەیەکی زۆر ئاسایی بووە، چونکە مەریەم چەندین جار بە توندی ئەمەی رەت کردووەتەوە و بە ئاشکراش وتوویەتی کە لە ئێستا هیچ پەیوەندییەکی خۆشەویستیی جددی و راستەقینە لە ژیانیدا نییە و ئێستا سەرقاڵی ژیانی ئاسایی خۆیەتی و هەر کاتێك شتێك لەم رووەوە روویدا، ئەوا بێ دوودڵی ئاشکرای دەکات و بە فەرمی خۆشەویستەکەی بە جەماوەر دەناسێنێت.

## بیرهاتنەوەی هونەرمەند عیسا بەرواری (١٩٣٣ - ٢٠٠٢):

# باڵیۆزی گۆرانی کوردی

دەحام لوقمان حوسێنی

هونەر بە کارێکی پیرۆزو گەورە لە ژیانی میللەتاندا چاوی لێدەکرێت. لەنێو کۆمەڵگەی کوردیشدا بە نموونەیەکی پێشڤەچوونی فەرهەنگ و شارستانیەت دادەنرێت. ژمارەیەکی زۆر ئەدیب و هونەرمەندی سەرکەوتووی تێدا هەڵکەوتووە، کە لەنێو کۆمەڵگەدا ڕێزی زۆریان لێدەگیرێت، نەخاسمە لەلایەن شەیدایان و دڵسۆزانی بواری ئەدەب و هونەر بەگشتی.

دیمەنی سەرنجڕاکێشی گوندو چیاو هاژەی تاڤگەو ڕووبار، ئاوازی دەنگی شمشاڵ و چریکەی بولبول، سرووشتی کوردستانی ڕەنگین بەگشتی؛ بوونەتە سەرچاوەی ئیلهام و تێڕامان و داهێنان بۆ کەسانێك کە خولیای بوون بە شاعیر و ئاوازدانەر و دەنگبێژیان هەبوبێت.

لەژێر کاریگەریی سرووشتە جوان و قەشەنگەکەی شاری ئامێدی، عیسا بەرواری وەکو دەنگبێژێك دەردەکەوێت و لەحەفتاو هەشتایەکانی سەدەی ڕابردوو، ڕۆڵی خۆی لەو بوارەدا دەبینێت.

### - ژیان و پێگەیشتنی

ناوی ڕاستەقینەی (عیسا حوسێن یونس)ە. ساڵی ١٩٣٣ لەگوندی گاراڤا لە دەڤەری بەرواری ژێری لە قەزای ئامێدی لەدایك بووە. هەتاوەکو پۆلی شەشی سەرەتایی خوێندووە. لەتەمەنی (١٠) ساڵییەوە لەگەڵ مامیدا بەشداری شەوچەرەو کۆڕو کۆچك و دیوەخانەکانی کردووە. هەر لە ڕێگەی مامیەوە هونەرمەندان؛ سەعیدێ حەمۆ (سەعید ئاغای جەزیری) و (مەریەم خان) دەناسێت.

ساڵی ١٩٤٧ هونەرمەند سەعید ئاغا کە هاوڕێی مامی عیسا بەرواری بووە، بەسەرەدانی دەچێتە ماڵی باوکی، مامی بەسەعید ئاغای دەڵێت؛ برازاکەم خاوەنی دەنگێکی خۆشە. سەعید ئاغاش داوای گۆرانییەکی لێدەکات و دەستی لەمل دەکات و پێی دەڵێت؛ تۆ سەرەکە لەئێمە دەستێنی و دەبیتە دەنگبێژ. دوای ئەوە زۆرجاران لەگەڵ سەعید ئاغاو مەریەم خان دەچێتە چایخانەی بابان و هەر شەوەی چارەکە سەعاتێك وانەی گۆرانی وەرگرتووە. بەم شێوەیە چاوی بوویەوە ڕێگای گۆرانیگوتنی بۆ کرایەوەو بوو بە دەنگبێژ.



ساڵی ١٩٥٢ دوای ئەوەی وەکو کارمەندێك لە بەڕێوبەرایەتی شوێنەواری موسڵ دادەمەزرێت. ئیتر خانەوادەکەی لەشاری موسڵ نیشتەجێ دەبن، تاوەکو کۆتایی ژیانیشی لەو شارەدا دەمێنێتەوە.

### - گۆرانییەکانی

هونەرمەند لە منداڵییەوە خولیای ئاهەنگەکانی دەکردو گوێداری دەنگبێژانی کۆچك و دیوەخانانی دەکرد، بۆ ئەوەی گۆرانییەکان لەبەربکات و دواتر بۆ هەڤاڵەکانی بڵێتەوە. لەساڵی ١٩٥٠ دەچێتە ئێزگەی کوردی ڕادیۆی بەغدا و گۆرانی (مەدینەییێ) بەناوێکی خوازراوەوە بەناوی (عەبدولقادر بەرواری) تۆماردەکات، لەبەرئەوەی باوکی سەرەتا لەگەڵ ئەو کارەی ئەودا نەبووە. ئەم گۆرانییە دەبێتە نۆبەرەی بەرهەمەکانی. لەسالآنی حەفتاکاندا بەتەواوی خۆی بۆ کاری هونەری تەرخان دەکات و هەر لەوکاتەشدا وەکو بەرپرسی بەشی میوزیکی کوردی لە ئێزگەی کوردی بەغدا دەست بەکار بووە. لەمەوە پەیوەندی تەواوی لەگەڵ هونەرمەندانی ئەو سەردەمەی ئێزگەی بەغدا پەیدا کردووە. هونەرمەند بۆ یەکەمجار لەگەڵ هونەرمەند محەمەد عارف جەزراوی گۆرانی دووقۆلی دەچڕێت، دوو قەوان پڕدەکات بۆ کۆمپانیای (بشیرفوان) لەبەغدا. دواتریش لەگەڵ هونەرمەندانی تردا؛ حەسەن جەزیری، گوڵبەهار، عەیشەشان، تەحسین تەها، نەسرین شێروان، فەوزیە محەمەد، سەبیحە محەمەد، سالحێ ئامێدی، کەمال ئاکرەیی، عەبدۆ ئالانی و سالم حەلەبی گۆرانی دووقۆلی گوتووە. هەروەها پەیوەندی دۆستایەتی لەگەڵ هونەرمەندان؛ عەلی مەردان، تاهێر تۆفیق، مەحموود حەسەن کەلهوڕی، محەمەدی شێخۆ، ڕەسووڵ گەردی، محەمەد عەزیز شاکر، خەلیل باکوزی و جگەرخوێنی شاعیردا هەبوو.



هونەرمەند لە درێژەی تەمەنی هونەری خۆیدا لە ئێزگەی کوردی نزیکەی (٣٠٠) بەرهەمی پێشکەشی جیهانی هونەری کوردی کردووە. لە تەلەفیزیۆنیش نزیکەی (٥٠) گۆرانی تۆمارکردون. کە بابەتەکانی: سرووشتی کوردستان، نیشتمانی، خۆشەویستی و ئەڤینداری، کۆمەڵایەتی، فۆلکلۆری و لاوکی قارەمانێتی بەشی زۆری ناوەڕۆکی گۆرانی لەخۆدەگرێت.

دیارترین گۆرانییەکانی کلیپی بۆکردوون بریتین لە: (زەمبیل فرۆش) کە بەهاوبەشی لەگەڵ هونەرمەند گوڵبەهارساڵی ١٩٨٣ گوتویەتی، هەڵبەست و ئاوازی فۆلکلۆرە، غازی فەیسەل و سەباح ئیبراهیم دەرهێنانیان بۆ کردوە. گۆرانی (جیرانێ) کە هەڵبەستی خۆیەتی و تاریق فازل دەرهێنانی کلیپەکەی بۆ کردووە. گۆرانی (عەردێ مە) هەڵبەستی خۆیەتی و سەباح ئیبراهیم دەرهێنانی بۆ کردووە.

لەلایەنی نیشتیمانیشەوە خاوەن هەستێکی بەرزبووەو خۆشەویستییەکی قووڵی بۆ خاك و سرووشتی کوردستان هەبووە، لەم رووەوەش سێ لاوکی بە هەستێکی پڕ لە ئەحساسەوە گوتووە، ئەوانیش: لاوکی (وەلاتێ مە کوردستانە. جهێ عەگیدو خۆش مێرانە)، لاوکی (کوردۆ دینۆ)، لاوکی (کوردستانە رەنگینە. تێدا مێرگ و کانینە). لەلایەنی ئەڤینداریشەوە کۆمەلێك بەرهەمی هەن؛ ناودارترینیان: لاوکەکانی (ئەسمەرێ و سالحێ نوری-١٩٦٦)، (خەجۆ و سیابەند) و (زەمبیل فرۆش) نوێی کردوونەتەوەو بە شێوازێکی تایبەت زیندووی کردوونەتەوە. هەروەها لاوکی (مازی چنێ - ١٩٧٠) لاوکی (شەمسی خانێ) و ئەوانەو چەندان بەرهەمی تری، کە لە پێگەی ئەلیکترۆنی (یوتیوب)ەوە بەردەستن.

هەروەها لە ئالەتە مۆسیقییەکاندا بە ژەنینی تەمبور (ساز) ناسراوە، ئەمەش بە هۆی ئەوەی لە هەموو گۆرانی و لاوکەکانیدا دەبیسترێت و زۆربەی کاتیش خۆی ژەنیویەتی.

**- ناوبانگییەکەی**

بەشێکی زۆری ناوبانگی هونەرمەند دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بەشدارییە گەورەیەی کە لەساڵانی حەفتاکاندا لە ئاهەنگ و فیستیڤاڵە هونەرییەکانی دەرەوەی وڵاتدا بینیویەتی. لەساڵی ١٩٧٣ لەگەڵ هونەرمەندان محەمەد عارف جەزیری و گوڵبەهار بۆ فیستیڤاڵی بەیروت دەچن، گۆرانی بۆ رادیۆ و تەلەفیزیۆنی لوبنان تۆمار دەکەن، ئاهەنگێکی هونەری گەورەشیان لە (سینەما رۆلێت) لەو وڵاتە تۆمارکرد. هەروەها لەساڵی ١٩٧٧ بە هەڵکەوتنی جەژنی نەورۆز لەگەڵ هونەرمەند گوڵبەهار دەچێتە ولاتی بەریتانیا و بە جلی کوردی و تەمبورەکەیەوە بەشداری فیستیڤاڵێکی لەندەنی کردووە. لە ساڵی ١٩٧٨یشدا لەگەڵ تیپی (التراپ العراقی) بە سەرۆکایەتی هونەرمەند و ئەدیبی گەورەی عێراقی «منیر بشیر» (موسڵ ١٩٣٠- ١٩٩٧) دەچێتە هەردوو وڵاتی فەڕەنساو نەمسا. ساڵی ١٩٧٩ دەچێتە یۆنان و لەسەر داوای کۆمپانیایەکی هونەری لەشاری ئەسینا (٦) کاسێتی گۆرانی پڕدەکات. یەکەمین هونەرمەندی کوردە دەچێتە ئێزگەی (مونت کارلۆ) و گۆرانی دەڵێت. هەروەها وڵاتانی ئەلمانیا، بولگاریا، هەنگاریا، رۆمانیا، ئیسپانیا و تورکیای سەردانکردوەو ئەزموونی هونەریی ئەو وڵاتانەی بینیوە. لە هەموویان بەناوبانگتر ئەو ئاهەنگەیە بوو کە لەشاری نیس لە وڵاتی فەڕەنسا پێشکەشی کرد، ژمارەیەکی یەکجار زۆر لەجەماوەر هەوادارانی ئامادەی ئاهەنگەکە بوون و لەلایەن بەڕێوەبەری هونەری شاری نیس خەڵات کراو مەدالیایەکی زێڕ و کاسەیەکی پێدرا.

بەهۆی ئەو بەشدارییە گەورەیەی لە ئاهەنگ و کۆنسێرت و فیستیڤاڵەکانی دەرەوەی وڵاتدا هەیبووە، لەلایەن ئەدیبان و نووسەرانی بواری هونەری گۆرانیی کوردی نازناوی «باڵیۆزی گۆرانیی کوردی» پێدراوە.

**- کۆچی دوایی**

هونەرمەند عیسا بەرواری تاوەکو ساڵی ١٩٩٠ لە ئێزگەی کوردی بەغدا کاری کرد، کۆمەلێك بەرهەمی خۆی لەوێ تۆمارکردووە. لەساڵی ٢٠٠٠دا بۆ حەجی ماڵی خوا دەچێت و دوای گەڕانەوەشی چیتر گۆرانی ناڵێت و تۆمارگەکەشی لە شاری موسل دادەخات. دوو خێزان و (١١) منداڵی هەبوون، کە دوو کوڕو نۆ کچ بوون. لە رۆژی ١٩/٧/ ٢٠٠٢ لە موسل کۆچی دوایی کرد و هەرلەوێ بەخاك سپێردراوە.

**سەرچاوە:**

- احصان صدیق ئامێدی، رەنگین ل دیوانا هونەرمەندێ دەنگ زەلال عیسا برواری، گۆڤاری (رەنگین)، ژمارە (٩)، تەمموزی ١٩٨٨.

Zeyneb yaş، Şakarên Muzika - Bajarê ،(٢٠١٣ -١٩٣١)، ٢، Kuedi، çildê .٢٠١٥ ،Mezin ya Amedê



